دوای دەستگیرکردنی بە ماوەی 14 مانگ ئەلقەس ئازادکرا

ئەلقەس بە کەفالەتی یەک ملیۆن یۆرۆ بە کاتی ئازادکرا بەڵام ناتوانێت ئیسپانیا جێبهێڵێت.

دەسەڵاتی دادوەری ئیسپانی ڕۆژامەندی دەربڕی لەسەر ئازادکردنی دانی ئەلقەسی ئەستێرەی بەرازیلی و پێشووتری یانەی بەرشەلۆنە بە کاتی و بە کەفالەتی بڕی یەک ملیۆن یۆرۆ .

ئەلقەس 14 مانگە بە تەمەتی دەستدرێژی سێکسی بە سەر کچێک لە ئیسپانیا زیندانی کراوە و سزای زیندانی کردنی بە ماوەی شەش ساڵ بەسەردا سەپێنراوە.

هەرچەندە ئەلقەس بە کاتی ئازادکراوە بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت وەاتی ئیسپانیا جێبهێڵێت تا ئەو کاتەی بەیاری کۆتایی لەسەر دەسیکەی دەدرێت بەتایبەت دوای ئەوەی کە تانەی لە بەیاری سزادانەکەی داوە.

لە لایەکی ترەوە، پارێزەری ئەستێرەکەی پێشووی بەرازیل رایگەیاند، تانەیەکی نوێ پێشکێش دەکەن کە

داوای ئازادکردنی هەمیشەیی بە ئەو یاریزانە و لە ماوەی ئازادکردنە کاتیەکەشیدا دەیسەلمێنێت کە ئامادەیە بە هاوکاریکردنی دادپەروەری.